# ئەوەی بەشداری لەمانگرتندا بکات لە سێدارە دەدرێت .

تـازەترین دیـاری دەسـەڵاتدارانی عـیراق سـێدارەیە بۆئـەو کەسـانەی لـەڕیزی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆدان و لـەکاتی خۆپیشـاندان و بـاری نائارامـدا بەشـداری لـە خۆپیشـاندان و مانگرتنـدا دەکـەن ، لایـەنگران و داڕێـژەرانی ئـەم یاسـا دژی ئینسانیە لە ئەمریکاوە تادەگات بە جمهوری ئیسلامی ئێران و عەرەبستانی سعودی و هەمووئـەو حکومەتانـەی ئـەو یاسـا ڕەشـەیان سـەپاندوە بـەدەرگیربونیان لەگـەڵ بزوتنـەوە ئینساندۆسـتیەکان ئیعـدام (قـەتڵی عەمـدی ) بـە وەسـیلەی کەمکردنەوەی تاوان ناودەبەن و ئەو ئینسانانەی پێ لەناودەبەن کـە دەرئـەنجامی فـەزای نیـزام و دەسـەڵاتەکانیان ناچـار بەتاوان دەبن ، سەرەڕای ئەوەی کە واقعی ئەمڕۆی وڵاتان و مێژووش شاهیدی ئـەوەن کـە حـوکمی ئیعـدام نـەك ناتوانێـت ڕێگربێـت لەبـەردەم کەمکردنـەوەی تـاوان لەکۆمـەڵگادا بـەڵکو خودیخـۆی تاوانێکـە لەلایـەن دەوڵەتـەوە دەرحـەق بەئینسانەکان دەکرێت ، ئەگەرچاوێك بگێڕین بەو دەوڵەتانەی ئەو قانونـە ڕەشـەی تێدا بـەکاردێت لەگـەڵ ئەوانـەی تێیـدا بەکار نایەت دەبینین ڕێژەی تاوان لە کامیاندا زیاترە ، لەکاتێکدا کە بەرزونزمی ڕێـژەی تـاوان ناتوانێـت شـەرعیەتپێدەری یاسایەك بێت کە ژیان لە ئینسانێك بسەنێتەوە تاوانەکەی زادەی بیری داڕێژەرانی یاساکەبێت ، هەرئەوەی ئەم یاسـایە بـۆ بەرهەم هاتوە؟ ئیسپاتی ئەوەیە کە جێبەجێکەرانی دژی ژیان و خۆشـگوزەرانی و ئـازادی ئینسـانەکانن چـونکە لـەجێگای ئەوەی دەستبەرن بۆ ڕیشەی ئەوپاڵنەرانەی ئینسان دوچاری کارێك دەکات زەرەر بێت بۆ سەر تاکەکانی دیکـەی کۆمـەڵگا ئەمان قەنارەی بۆ هەڵدەخەن ، لەجێگای باشکردنیگوزەرانی خەڵك خۆیان برسیان دەکەن و ناچار بـە تاوانیـان دەکـەن و هەرخۆشـیان ئیعـدامیان دەکـەن ، لـەجێگای ئـەوەی ئـازادی سیاسـی فەراهـەم بکـەن ئینسـانە سیاسـیەکان بەبەرچـاوی خەڵکەوە لەسێدارەدەدەن ، ئیتر لێرەوە هـیچ گومانێـك ناهێڵنـەوە لـەوەی کـە ئەوقانونـە بـۆ بنبڕکردنـی دزی و ڕاوڕوت و (تیرۆر) نیە ، چونکە ئەوان سیاسەت بەوتاوانە دەزانن بۆ موخالفینی خۆیان کە سزاکەی خنکاندنـە ، باوەڕنـەمان پێـان و چۆڵکردنی ڕیزەکانیان هەڵگەڕانەوەو خیانەتە و خائینەکانیش دەبێت لەسێدارە بدرێن ، ڕەخنـەگرتن لـە ڕابـەر و ئیمـام و دەسەڵاتەکانیان یەکسانە بە قەنارە کە زیندان و شەقامەکانی تاران جێگای نمایشکردنی ئەو واقیعەن و نمونەیەکە لـە ڕوی هەڵماڵراوی پارێزەران و لایەنگرانی ئیعدام ، لەسعودیەمومارەسەکردنی سادەترین فافـە مەدەنیـەکان تادەگـات بـە دڵـداری لەڕیزی ئەوتاوانانەدان کە بێجگە لە خنکاندن هەر حوکمێکی دیکە کاڵکردنەوەی تاوانەکەیە .

ئەوتاوانە گەورەیەی بەپێی بڕیـاری (سـەرۆکایەتی کۆمـاری عـیراق) ئەویاسـایە دەیگرێتـەوە و پیادەکـەرانی لـە نـاو ڕیـزی هێزەکانی ئاسایشیناوخۆدا لەسێدارە دەرێت بەشداریکردنیانە لە مانگرتن و خۆپیشاندان و زانیاری بەخشـین و شـتی لـەم بابەتە ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کابینەیەی بوش لە عیراق کۆمەڵگای لـەخوێن هەڵکێشـاوە و بـێ مافیـەکانیانی بەوپـەڕی گەیاندوە ئێستاش مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ ئەو ئینسانانەی لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا بۆ پەیـداکردنی بـژێویان بونەتـە پارێزەری دەسەڵات و سـامانەکانیان بـەتاوانێك حسـاب دەکـەن کـە سـزاکەی لێسـەندنەوەی ژیانیانـە ، بەشـداریکردن لـە مانگرتن و خۆپیشاندانەدا نەك بۆ موخالفینی ئەوان تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە لەدەزگاکانی خۆیاندا کاردەکەن تاوانێکـە بە هەڵگەڕانـەوە حیسـابە و لای لایـەنگرانی ئیعدام یەکسـانە بـە مـەرگ ، بـەمجۆرە ئەگـەر کەسـێ ویسـتی لـە مانگرتنـدا بەشداری بکات ، یان ویستی بەخۆپیشاندان ناڕەزایەتی خۆی دەرببڕێت ئەوا پێشتر بەپێی یاسا ڕۆحـی بەبارمتـە گـیراوە ، دەرکردنی یاسای لەم جۆرە بێجگە لەوەی درێژەدانە بـەو قـەتڵی عامـەی کـە ئـەم نیزامـە بەنسـیبی کۆمەڵگـەی بەشـەری

بەرەوسەر ئینسانی ئەم کۆمەڵگە بکەنە سۆتەمەنی ئیعدامی ئاسایشە مانگرتوەکان و بەشداربوانی خۆپیشاندانەکان و (هەڵگەڕاوەکان ) ی لێکەوتەوە ، پەردەیەکی دیکەش لەسەر ئەو سیناریۆیە هەڵدەداتەوە کە سەرۆك کۆماری عیراق لەژێر ناوی لایەنگری بۆمافی مرۆڤ لەپەیوەند بە ئیمزای حوکمی صەدام حسینەوە نمایشی کرد ، ئەویش سیناریۆیەکی دکە بوونەك لەئینسان‌دۆستی تاڵەبانیەوە سەرچاوەی گرتبێت،ئەوەتا سەرۆك کۆمار ئیمزای لەسێدارەدانی مانگرتوەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتەکەی خۆی دەکات بەڵام ئەوەندە ئینسان دۆستە دەستی قەڵەمەکەی بۆناگیرێت ئیمزای لەسێدارەدانی صەدام حسێن بکات ! ! ! وەك ئەوەی صەدام مافی ژیانی هەیە و باقی ئینسانەکانی دیکە شایستە بە مەرگن ،. بەڵام ئەصڵی مەسەلەکەئەوەیە کە ئەم جۆرە حکومەتانە بەبێ سەرکوت و ئیعدام ناتوانن خۆیان بەپێوەبگرن ، بە لەبەرچاوگرتنی مەکانەتیان لەنێو خەڵکدا کە خۆیان لە هەمووکەس باشتر دەزانن تادەگەنە دەسەڵات سەفەقاتی ژێربەژێر و لاشەو خوێنی ئینسانەکان بەردەبازیانە و تاکە وەسیلەی دامرکاندنەوەی ناڕەزایەتیەکان و هێشتنەوەی خۆیان خوێنرێژی و سێدارە بوە ، لەمەش باشتر هیچ چاوەڕوانیەکیان لێنەکراوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە تا کۆتایی درێژەی هەبێت و بەر بەشۆڕش و هاتنە مەیدانی خەڵك بگرێت هەمیشە مەیدان لەبەرانبەریاندا چۆڵ نەبوە ، لەئێستاشدا زیادلەپێویست بەهێزکردنی هەرچی زیاتری ئەوبزوتنەوەیەمان بۆ مەلموستر دەبێتەوە کە لەبەرانبەر نەزیفی خوێن لەعیراق و بەیاساییکردنەوەی مەرگی ئینسانەکاندا چاوی لەئاسۆی سۆسیالستی بڕیوە و بەرەوبنیاتنانی کۆمەڵگایەك خەبات دەکات کە بێبەری بێت لەنەهامەتی و هیچ جۆرە کارکردێکی ئینسانەکان نەبنە هەڕەشە لەسەر ژیانیان ، ئەویش کۆمۆنیزمی کرێکارییە و بەهێزکردنی پێویستیەکی هەنوکەییە بۆ کۆتایی بەو حەمامی خوێنەی بەرێخراوە .



کاروان نەجمەدین